# ئەنفالەکانمان ئەنفال دەکرێنەوە

**ڕووناک شوانی**

پاش ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق ، یەکی لە خەونەکانی خەڵکی کوردستان گەڕان بوو بە دوای چارەنووسی ئەو سەدان هەزار خەڵکە بێسەر و شوێنکراوەی کە لە میانەی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا بەرەو شوێنی نادیار بران و هەرگیز نەگەڕانەوە . هینانەدی ئەم خەونە کارێکی زۆر دژوار نەبوو ، لەبەر ئەوەی دواتر ئاشکرا بوو کە ڕژیمی دڕندە هەموو بستیکی خاکی عێراق و کوردستانی کردووە بە گۆڕی بە کۆمەڵ و هەر لە بیابانەکانی باشوورەوە بگرە هەتا زیندانە گەورە و حەوشە و باخچە و ژێر دیواری سەربازگەکان و فەرمانگەکانی ئەمن و ئیستیخبارات و موخابەراتیشی هەموو کردووە بە گۆڕی ئازیزانی ئێمەی کورد و خەڵکی ئازادیخواز و بەرهەڵستکارانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق .

پاش ئاشکرا بوونی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە و پشکنینیان لە لایەن دڵسۆزان و هەندێک لە ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و نێونەتەوەییەکانەوە ئیتر چی بە بەرنامە و چی بێبەرنامە بووبێت یان بەکارهێنانی ئەو ڕووفاتانە بۆ هەر مەبەستێک بووبێت ، کەس و کاری خەڵکە بێسەر و شوێنکراوەکان لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامدا بوون و ئێستاش هەر چاوەڕوانن کە تەرمی ئەنفالکراوەکانیان بەدەست بگات و لە مەراسمی شایستەدا لە شوێن و جێگەی خۆیاندا بە خاک بسپێردرێن . پاش دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گێڕانی شایی و لۆغانی چەند هەفتەیی بەو بۆنەیەوە ، ئۆخەی هات بە دڵی کوردستانیان کە بووین بە خاوەن حکوومەت و پەرلەمانی خۆمان ، چاوەروانییەکانیش باڵای کرد و لە پاڵ هەموو ئاواتەکان بە ئەرکی حکوومەت زانرا کە چارەنووسی بێسەر و شوێنکراوەکان دیاری بکات و ڕوفاتەکانیش بهێنێتەوە . گەشبینتر بووین بە هینانەدی ئەو خەونە کاتێ کە ڕوفاتی شەهیدانی بلە و بارزان هێنرانەوە و بە هەنگاوی یەکەممان زانی و پێمان وابوو فرمێسکەکانمان وشک نابنەوە و تەرمی پیرۆزی قوربانیانی گەرمیان و دۆڵی جافایەتی و هەموو شوینە ئەنفالکراوەکانی کوردستان دێنەوە . مەخابن چاوەڕوانی درێژەی کێشا وئەم ئاواتەش هەروەک هەموو ئاوات و خەونەکانی تری خەڵکی کوردستان بوو بە بڵقی سەر ئاو . وێڕای ئەوەش لەم ڕۆژانەدا بڵاوبوونەوەی دەنگۆی شاردنەوە و ئاشکرا نەکردنی ڕووفاتی 300 کەس لە قوربانیانی ئەنفالی ناوچەکانی دوکان و جافایەتی و گەرمیان و قەرەداغ کە لە ڕۆژی 4/20 /2007 دەوە هێنراونەتەوە شاری هەولێر بڵاوبووەوە . ئەمە سکاندالێکە بە هیچ پێوەرێکی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی نە قەبووڵ دەکرێ نە بیدەنگی هەڵدەگرێ . پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتەکان بە تایبەت وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال و وەزارەتی مافی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیار و لێپرسینەوە ، هەموو ئەو لێدوانانەش کە هەتا ئێستا لەو بارەوە دراون زۆر لەیەکەوە دوورن و جیگەی گومانن . لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون لە ڕاستیەکان ئەنجامیکی دیکە دەدەن بە دەستەوە . لە ڕۆژنامەی پەیامنێردا*لە ڕۆژی 6/16 سەرچاوەیەکی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال ڕاستی هەواڵەکە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ( ئەو تەرمانە لە دادگادا دژ بە تاوانبارانی ئەنفال بەکارهاتوون و بڕیار وایە لە ڕۆژی 6/24 چارەنووسی ئەو تەرمانە و هی دیکەش دوای تەواو بوونی کاری دادگا دیاری بکرێن ) ( هی دیکەش ) ئەوە دەگەیەنێ کە تەنها ئەو 300 تەرمە نین . هەمان لێدوان لە ڕۆژنامەی ئاسۆدا

*لە ژمارەی ( 460 ) ڕۆژی 6/18 لە لایەن وەزیری شەهیدان و ئەنفال ( چنار سەعد ) ەوە دووبارە کراوەتەوە لەگەل ئاشکرا نەکردنی شوینی شاردنەوە یان پاراستنی ڕووفاتەکان . دیارە لە هەمان ڕۆژنامەدا و لە هەمان هەواڵدا لە لێدوانێکی جیاوازدا سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی جەعفەر موسەوی بێئاگایی خۆی لە مەسەلەی ئەو 300 ڕووفاتە ڕاگەیاندووە . ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگەی گومان و پرسیارە !! لە ڕۆژی 6/17 یشدا نامەیەک بە ناوی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دادگای ئەنفالەوە گوایە لە چەند ڕاستییەکدا بۆ ڕۆژنامەنووس نەبەز گۆران نێردراوە لەم نامە پڕ گومانەدا وێڕای بە درۆ خستنەوەی هەواڵەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو تەرمانە لە مەیتخانەیەکی هێندە ئاست بەرزدا بە شێوەیەکی شیاو و ڕێزدار پارێزراون کە وێنەی نییە لە دونیادا !!! بەڵام لە کوێ ؟ ئەو سەرچاوەیە کێیە ؟ بۆ ناو و کار و پلەی خۆی ئاشکرا نەکردووە ؟ گەر ڕاستە بۆ دادگای باڵا لێدوانی فەرمی نادات بۆ لابردنی هەموو گومان و تەم و مژییەک لەسەر ئەم ڕووداوە و دڵنیابوونەوەی خەڵکی کوردستان و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ؟ ئایا هەتا کەی ئەبێ هەموو ڕاستییەک لە میللەت بشاردرێتەوە ؟ ئایا کەس و کاری ئەو ئەنفالکراوانە مافی خۆیان نییە وەڵامی پرسیارەکانیان وەربگرنەوە ؟ گەر بەرنامەی ناشتنی بە شکۆ بۆ ئەم تەرمانە هەیە لە پاڵ( پڕۆژەی نەتەوەییدا ) کە دروستکردنی مۆنمێنتی ئەنفالە لە شاری هەولێر ؟ کە ئەمەش پرسێکی ترە و گفت و گۆی زۆرترهەڵئەگرێ ، چونکە دروستکردنی پڕۆژەی بازرگانی بە تەرمی ئەنفالکراوەکان خۆی لە خۆیدا دووبارە ئەنفالکردنی نەک تەنها ئێسک و پروسکی ئەو خەڵکە غەدر لێکراوەیە ، بەڵکو ئەنفالکردنی خەونێکی پیرۆزی کەس و کارەکانیانیشە کە ئازیزانیان بە شێوازی خۆیان لە شوێنی خۆیاندا بنێژن چونکە ئەوان خۆیان خاوەنی ئەو تەرمانەن نەک حکوومەتی هەریم و وەزارەتە فاشیلەکەی شەهیدان و ئەنفال بە پڕۆژە و پێشنیارە سەقەتەکانییەوە . بەرز ڕاگرتنی کارەساتی ئەنفال لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە سەرمایەیەکی زۆر لە دروستکردنی مۆنمێنت خەرج بکرێ بۆ ئەوەی ساڵی جارێک لە یادی ئەنفالدا لەگەڵ وەفدی بیانیدا تاجەگوڵینە بخرێتە پاڵی و ببی بە پڕۆژەیەکی بازرگانی و سەرچاوەی دەرامەتێکی تری گەندەڵی .

بەرز ڕاگرتنی ئەنفال بە دروستکرنی پڕۆژەی بەرهەمهینەر ئەکرێ بۆ ڕزگارکردنی ئەو هەزاران گەنجەی کوردستان و پاشماوەکانی ئەنفال لە بێکاری و سەرگەردانی ، پڕۆژەی دروستکردنی ماڵ و قوتابخانە بۆ کەس و کاری ئەنفال و بڕینەوەی مووچەیەک کە ئەو ئازیزانە بتوانن ژیانیان بگەیەننە ئاستیک کە شایانی ژیانێکی مرۆڤانە بێ و گرێ کوێرەی دەروونی ئەنفالکراویان بکرێتەوە ، دامەزراندنی پڕۆژەی پێویست بۆ دابینکردنی ئاو وکارەبا بۆ ڕزگارکردنی ژنانی ئەنفال لە ئاوکێشان بە سەتڵ و تەنەکە و ڕووناکی خستنە ناو ماڵەکانیانەوە بۆ ئەوەی چیتر منداڵەکانیان بە دیار فتیلی فانۆس و چراوە چاویان کوێر نەبێ . چارەسەرکردنی ئەو هەزاران کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە کارەساتی ئەنفال بە دوای خۆیدا هێنایە ئەو ناوچانە و هەتا ئەمڕۆش خەڵکی ناوچە ئەنفالکراوەکان بەدەستیانەوە ئەناڵێنن . چارەسەرکردن و ناردنە دەرەوەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستان یاریدەدەری خەڵکانی قوربانی دەستی ڕژیمن .

جگە لەوەی کە ئەنفال پرسێکی نەتەوەییە ، جینۆسایدی میللەتیک بوو لە ڕۆژگارێکدا کە دونیا لەو کارەساتە کەڕ و لاڵ بوو ، کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە لە تاوانی جینۆساید و پۆلینکردنی ئەو تاوانانەی کە دژ بە میللەتەکەمان کراون لەوانە تاوانی ئەنفال و ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید لە نێوەندە نێونەتەوەییەکاندا و تەنانەت لە نێو خەڵکی خودی کوردستان خۆیشیدا چونکە تا ئێستا

زۆربەی خەڵکی کوردستان لەو پرسە نەگەشتوون بە تایبەت نەوەی تازە . ئەمانە ئەرکی حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی پەیوەندیدارن بە مەسەلەی ئەنفالەوە.
سەبارەت بە شاردنەوە و ئاشکرا نەکردنی ڕوفاتی 300 تەرمی ئەنفالکراویش ، ئەرکی حکومەتی هەرێمە کە جگە لە ئاشکرا کردنی شوێنی ئەو تەرمانە ، پێویستە پەرلەمان و وەزیری شەهیدان و ئەنفال داوای لێبوردن لە کەس و کاری ئەو تەرمانە بکەن و لە مەراسمێکی فەرمی و شایستەدا بدرێنەوە دەست کەس و کاریان ، پاشانیش مۆنمێنتیان لە چەقی قورسایی کارەساتەکە بۆ دروست بکرێ کە ئەویش گەرمیانە یان لە شاری کەرکووکی لە کوردستان دابڕاوە . لەم مەسەلەیەشدا پێویستە خەڵکی گەرمیان و کەس و کاری ئەو تەرمانە بە هەموو شێوەیەک بەرگری لەو مافەی خۆیان بکەن و بێدەنگ نەبن .

ستۆکهۆڵم
2007/6/18

لینکی لێدوانەکان /
* http://www.peyamner.com/default.aspx?l=1&id=20171
*http://www.asoxandan.com/Direje_K.asp?Babet=Hewal&Jimare=25 68
http://kurdistannet.info/2007/6-2007/18-6/leserchaweyeki.pdf*